# ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پشتی لە ڕکوع بڕدن بەرز بکردایەتەوە، دەیووت : «(سمع الله لمن حمده، اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد، مِلْءَ السَّماوات ومِلْءَ الأرض، ومِلْءَ ما شِئت من شَيء بعد)

لە عبد الله کوڕی ئەبی ئەوفا -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پشتی لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، دەیووت : «(سمع الله لمن حمده، اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد، مِلْءَ السَّماوات ومِلْءَ الأرض، ومِلْءَ ما شِئت من شَيء بعد) واته:( خوای گەورە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -دەیانبیستێت- کە سوپاس وحەمدی دەکەن، خودایە ؛ پەروەردگارمان سوپاس وحەمد وستایش بۆ تۆ، پڕ بە ئاسمانەکان و پڕ بە (زەوی، و پڕ بە ئەوەی تۆ بتەوێت لە پاش ئەمانە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لەنوێژدا پشتی لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، دەیووت : (سمع الله لمن حمده * خوای گەورە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -دەیانبیستێت- کە سوپاس وحەمدی دەکەن): واتا هەرکەسێك حەمد وستایشی الله بکات ؛ خوای گەورە نزاکانی وەڵامدەداتەوە، وحەمد وستایشەکەی قبوڵ دەکات و لەسەر ووتنی ؛ پاداشتی دەداتەوە، پاشان حەمد وستایشی خودای کرد بە ووتنی: (اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد، مِلْءَ السَّماوات ومِلْءَ الأرض، ومِلْءَ ما شِئت من شَيء بعد * خودایە ؛ پەروەردگارمان سوپاس وحەمد وستایش بۆ تۆ، و پڕ بە ئاسمانەکان و پڕ بە (زەوی، و پڕ بە ئەوەی تۆ بتەوێت لە پاش ئەمانە).

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65101

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee